# بۆ یاخیەکەی ناوەوەم



Handren88@hotmail.com

پێشکەشە بەو کەسەی کە تا ئێستا بە تەواوەتی نایناسم کێیە
هەر ئەوەندە ئەزانم ساڵانێکی زۆرە لەناومدا ئەژێ و هەرچی ئەکەم خۆیم بۆ ئاشکرا ناکا

لەناومدا وەرە دەرێ



چ خۆشیێکە واتلێئەکات لەناو خوێنم مەلە بکەی
زۆر لە ژنان وا ئەزانن دەرگای دڵم ئاوەڵایە
خۆشم لە دارستانی ئازارەکان
خەریکی بە خەونکردنی یەکە یەکەی دارەکانم
هەموو شەوێک دووکەڵی جگەرەیەک بەرئەدەمە هەموو لەشم
جگەرەیەکیتر و یەکێکیتر
نازانم تۆ لە کوێندەرم خۆت مەڵاس ئەدەیت

یان دووکەڵی خەمەکانم رایهێناویت
تام لە تاڵی هەناسەکانم ئەکەیت



وەرە دەرێ
لەوە زیاتر بەدوای خۆتدا ویڵم مەکە
لە هەر ژنێک بەشێکی تۆ ئەدۆزمەوە
تەمەنێکی پێئەبەخشم
ئاگات لێیە
چۆن بەو خۆشاردنەوەت لەناومدا
تەمەنم بەولا وبەملا
بڵاو ئەکەیت

هەندرێن حەمەدەمین
١٥ی ٦ی ٢٠٠٨